# ڕۆڵی تەکیەی تاڵەبانی لە پەرەپێدانی مەقاماتی کوردیدا

# The Role of Talabani Takya in the Development of Kurdish (Maqamat) Melodies

**Rizgar CABBARÎ**

Rizgar CABBARÎ | 0009-0008-5227-9468 | rzgarjebari@gmail.com
Selahaddin University, Arbil

**Citation:**

Cabbarî, R. (2024). ڕۆڵی تەکیەی تاڵەبانی لە پەرەپێدانی مەقاماتی کوردیدا. *Nubihar Akademi* 22, 225-238. DOI: 10.55253/20214.nubihar.1582132.

| | |
|---|---|
| Research Type | Research Note |
| Submission Date | 09.11.2024 |
| Acceptance Date | 24.12.2024 |
| Publication Date | 31.12.2024 |
| Peer-Review | Double anonymized - Two External |
| Ethical Statement | It is declared that scientific and ethical principles have been followed while carrying out and writing this study and that all the sources used have been properly cited. |
| Plagiarism Checks | Yes – iThenticate |
| Conflicts of Interest | There is no conflict of interest between the author and any parties in the article. |
| Complaints | The author(s) has no conflict of interest to declare. |
| Grant Support | The author(s) acknowledge that they received no external funding in support of this research. |
| Copyright & License | Authors publishing in the journal retain the copyright to their work licensed under the **CC BY-NC 4.0**. |

## Puxte

مزگەوت یان تەکیەی تاڵەبانی لە شاری کەرکووک، بە تەکیەی گەورە ناسرابوو، بەڵام دواتر بە فەرمی ناوی مزگەوتی (مەجیدیە)یەی لێ نرا. ساڵی (١٧٧١ز) دامەزراوە. لە تەکیەدا وێڕای ئەوەی وەکوو مزگەوت، حوجرەی خوێندنی زانستە شەرعییەکانی هەبووە، شوێنێکی ڕووحی بووە بۆ کۆڕی زیکر، ناوەندێک بووە بۆ ئەدیبان و شاعیران، میوانخانەیەک بووە بۆ هەژاران و ڕێبواران، هەروەها قوتابخانەیەک بووە بۆ خوێندن و فێربوونی هەموو مەقاماتی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و مەقاماتی کوردی بەتایبەتی. ئەم تەکیەیە لە مێژووی خۆیدا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە بۆ پەرەپێدانی ئەم هونەرە. لە سەردەمی شێخ عەبدوڕڕەحمانی خاڵسەوە تەکیە بووەتە ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی هونەرمەندان و ئارەزوومەندانی مەقامات بۆ فێربوونی هونەری مەقامات. بۆیە چەندین هونەرمەندی مەزن ڕوویان لەو شوێنە کردووە بۆ ئەوەی هونەری خۆیان پێشکەش و فێرخوازان فێر بکەن. لە نێو ئەو هونەرمەندە مەزنانەی کورد کە سەردانی تەکیەیان کردووە، سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی بوو. هەروەها یەکێک لە گەورەترین هونەرمەندان کە کاری هونەری لە تەکیە دەستی پێکرد، عەلی مەردان بوو.



## Peyvên Sereke

تەکیە تاڵەبانی، کەرکووک، مەقاماتی کوردی، مەقاماتی گەرمیانی، عەلی مەردان.



## Abstract

Talabani’s Takya, later named the Majidiyah Mosque, was established in 1771 AD in Kirkuk. Despite being primarily a mosque, the Takya also functioned as a classroom for Shari'ah studies, a spiritual place for zikr (remembrance), a gathering space for writers and poets, a guest house for the poor and travelers, and a school focused on Eastern melodies, with a special emphasis on Kurdish maqams. This Takya played a major role in the development of Kurdish musical traditions. Since the time of Sheikh Abdurrahman Khalis, Takya has become a center for gathering Maqamat artists and enthusiasts to learn the art of Maqamat. Therefore, many great artists have moved there to showcase their artistic level and teach students. Among the great Kurdish artists who visited Takya was Sayyid Ali Asghar Kurdistani. One of the greatest artists whose artistic career began in Takya was Ali Mardan.



## Keywords

Talabani’s Takya, Kirkuk, Kurdish melodies, Garmiyani melodies, Ali Mardan.

## پێشەکی

کوردستان لە مێژووی خوێندن و خوێندەواری و وەرگرتنی زانستدا لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام تا سەرهەڵدانی قوتابخانەی مۆدێرن لە سەرەتای سەدەی بیستدا، هاوشێوەی هەموو وڵاتانی جیهانی ئیسلامی، مزگەوتەکان و قوتابخانە ئایینییەکان (حوجرە) ناوەندی خوێندن بوونە، کە دواتر لەگەڵ پەرەسەندنی بزاوتی سۆفیگەری و سەرهەڵدانەکانی ڕێبازەکانی سۆفیگەری وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، خانەقا و تەکییەکانیش هاوشێوەی مزگەوتەکان و قوتابخانە ئایینییەکان بوون بە جێگایەک بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاریی. لەم مێژووەشدا و بەپێی هەلومەرجی تایبەت ماوە ماوە شارێکی کوردستان دەبووە پێشەنگ. نموونەی شاری ئامەد کە لە سەدەی ١٧دا زیاتر لە ١٥ قوتابخانەی تێدا بووە. هەروەها لە سەدەی ١٩زدا شاری سلێمانی دەبێتە ناوەندێکی دیار لە بزاوتی ئایینی و سۆفیگەری کە جێگای چالاکییەکانی هەردوو ڕێبازی قادری و نەقشبەندی بووە. ئەوەی جێگای باسە لە ناوەندەکانی خوێندندا تەنها وانەی ئایینی نەخوێندراوە، بەڵکوو زۆربەی جار وەکوو زانکۆیەکی هاوچەرخ ئەگەر لە قەبارەیەکی بچووکیشدا بووبێت، هاوشانی زانستە ئایینییەکاندا، زانستە هەمەجۆرەکانی وەکوو گەردوونناسی، فەلسەفە، ئەدەبیات و زۆر بابەتی دیکە خوێندراوە. نموونەی دەگمەنی ئەو بوارانەی لە یەکێک لە ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستاندا هەبووە، بریتییە لە خوێندنی هونەری مەقاماتی مۆسیقی. لەم وتارەدا تەکیەی تاڵەبانی لە شاری کەرکووک بەسەر دەکەینەوە، کە وێڕای هەموو بوارەکانی دیکەی خوێندن، نزیک بە ١٥٠ ساڵە نەوە لە دوای نەوە وانەی خوێندن و فێربوونی هونەری مەقاماتی مۆسیقی بەتایبەتی مەقاماتی کوردی دەخوێندرێت لەپێناو پێگەیاندنی قورئانخوێن و بانگبێژ و مەولودخوێنی شارەزا و دەنگخۆش.

## 1. تەکیەی تاڵەبانی

مزگەوت و قوتابخانە و تەکیەی تاڵەبانی لەناو شاری کەرکووکدا بە تەکیەی گەورە (بیوک تکیە) ناسراو بوو. بەڵام دواتر بە فەرمی و لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا ناوی مزگەوتی (مەجیدیە)ی لێ نراوە. شێخ مەحموودی زەنگەنە کوڕی ڕۆستەم ئاغا کوڕی یوسف ئاغا کاکەسوور (١٧١٧ – ١٨٠٠ز) کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوو و تەریقەتی لەسەر دەستی شێخ ئەحمەدی هیندی وەرگرتبوو، لە ساڵی (١١٨٥ک.م / ١٧٧١ز) بەردی بناغەی تەکیەی تاڵەبانی لە شاری کەرکووکدا دانا. لەدوای خۆی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی (١٧٨٠ – ١٨٤١ز) بوو بە جێنشین. لەدوای ئەم، شێخ عەبدورەحمانی تاڵەبانی (خالص: خاڵیس) (١٧٩٧ – ١٨٥٨ز) باوکی شێخ ڕەزای شاعیر بوو بە جێنشین. لەدوای ئەم، شێخ عەلی تاڵەبانی ناسراو بە شێخ عەلیی گەورە (١٨٣٢ – ١٩٠٠ز) بوو بە جێنشین. لەدوای ئەم، شیخ محەمەد عەلی تاڵەبانی (١٨٥٦ – ١٩٣٢ز) و شێخ جەمیل تاڵەبانی (١٨٩٢ – ١٩٦١ز) و مەلا عەلی (١٩٢٧ – ١٩٩٠ز) و شێخ یوسف بوون بە جێنشین. (Murad, 2023, r. 228 – 246) شیخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣١ – ١٩١٠ز) شاعیری گەورەی داشۆرینی کوردی، لە شیعرێکی کوردیدا ڕشتەی بنەماڵەکەی خۆیان لە سەرەتاوە تا شێخ عەلیی گەورە کە مامی بووە، دەخاتە ڕوو:

لــە هیندستانەوە شـــەش مـــانگە ڕێ تا خـــاکی کوردستان

خودا شێخ ئەحمەدی هیندی ڕەوان کرد بۆ مەلا مەحـــموود

مەلا مەحـــموودی زەنگنە یـــەعنی قوتبی دائیرەی ئـــیرشاد

لە دەوری مەرقەدی هـەر دەنگی یاهوو دێت و یـا مەعـبوود

لەپاش ئەو ئەرشەدی ئەولادی شێخ ئەحمەد لە جێی دانیشت

بیـــعەینە وەک ســـولەیمان جێنشینی حـــــەزرەتی داوود

بــەڵێ بــابی وەهــا ئەڵبەت دەبـــێ فـــەرزەندی وا بێنێ

ئیلاهی سەد هەزار ڕەحمەت لە قــەبری والید و مەولـــوود

بە ڕەحمەت چوون ئەوان با بێینەوە سەر باسی ئەورەحمان

فیدات بم ئەی نەتیجەی دوودمانی ئــەحمەد و مەحـــموود

نــەتیجەم مەقــسەدە تــالی موقــەددیم شــەرتی تـــەحسیلە

ئــەوانەی بــۆیە ئیجاد کرد خــودا تا ئــەم ببێ مەوجـــوود

ئەمێستاش شێخ عەلی نــەجلی کەبیری ســاحیب ئــیرشادە

ئەمیش وەک باوک و باپیری لە زومرەی ئــەولیا مەعدوود (Xal, 2003, r. 50)

تەکیەی تاڵەبانی لەسەردەمی شێخ خاڵیسدا نوێژەنکرایەوە و ناونرا (مەجیدیە). گوایە (پرتیڤاڵ)ی هاوسەری سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەمی عوسمانی دەروێشی شێخ خاڵیس بووە و سوڵتان داوای لێ کردووە، شێخ سەردانی شاری ئیستانبووڵ بکات. بەڵام شێخ نەیتوانیوە و بە نامەشیعرییەک وڵامی داوەتەوە و پۆزشی هێناوەتەوە. ئەویش سێ دیاری بۆ دەنێرێت کە یەکێکیان پارەی نوێژەنکردنەوەی مزگەوتەکە و دروستکردنی منارەیەک بووە. بەهۆی نوێژەنکردنەوە لەسەر ئەرکی سوڵتان عەبدولمەجید، مزگەوتەکە ناونراوە (مەجیدیە). (Murad, 2023, r. 69) شاعیری گەورە، سەیید عەبدوڕەحیمی تاوەگۆزی (١٨٠٦ – ١٨٨٢ز) هاوڕێی شێخی خاڵیس بە پارچە شێعرێک بە زمانی فارسی مێژووی ئەم نوێژەنکردنەوەیەی تۆمار کردووە:

عـــقل گفتا چـــون تفکر کرد و ایست

دانی این بـــانی و مـبنی چیست، کیست

در تـــــنزل کرد جــــلوەیی چـــنین

حــــق در آن و عـــرش اعـظم اندرین

هــــــرکە داند راز این ســـــر نهفت

خوش علی العرش استوی الرحمن بگفت

مــبتدا و مـــنتهای هـــر شـــی است

مظهر حـــق بـــاد تــــاریخ وی است

مظهر حق باد: ١٢٦٠ کۆچی مانگی\ ١٨٤٥ زایینی. (Sultanî, 2016, r. 62)

ئەم مزگەوتە وەک قوتابخانە و حوجرە وانەی زانستە ئایینییەکانی تێدا خوێندراوە و وەک تەکیە جێگای زیکر و وێرد بووە و وەک میوانخانە و دیوەخان بۆ ناسیار و نەناس و ڕێبوار و هەژار سێ ژەمە خواردنی تێدا دراوە. هەروەها مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی ژوانگەی شاعیران و وێژەوانان بووە. تەنانەت سەرچاوەی وەرگرتنی هونەری مەقامە جۆراوجۆرەکانی کوردی و گەلانی دیکەش بووە. کە ئەمەیان مەبەستی وتارەکەی ئێمەیە.

## 2. هونەری مۆسیقا لە نێو نەتەوەی کورددا

نەتەوەی کورد وەکوو نەتەوەیەکی دێرین، هاوشانی مێژووە دێرینەکەی، خاوەنی چاند و هونەرێکی دێرینیشە. لەوانەش هونەری ستران و مۆسیقای ڕەسەن و تایبەت بە خۆیەتی. لە ئێستادا ئەو هونەرانەی لە قووڵایی ڕەگی ئەم مێژووە ماونەتەوە: لاوک و دەنگبێژی کورمانجی، حەیرانی دەڤەری هەولێر و موکریان، سیاوچەمانەی هەورامی، موور و چەمەریی لەک و لوڕ، مەقاماتی دەشتی گەرمیان و دەیان فۆڕمی دیکەی ئاواز و بەستە و ستران لە دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستاندا وەکوو ئاواز و هەڵپەڕکێی دێوانەکانی سوورچی، ئاواز و هەڵپەڕکێ لە جەژنی کۆمسای (پیری شالیار) لە هەورامانی تەخت، قەول و مۆسیقای پێرەوانی کوردی ئێزیدی، کڵام و تەموورەی پێرەوانی کوردی ئەهلی حەق و عەلەوی، دەیان نموونەی دیکە کە هەموویان ڕەنگدانەوەی هەست و هزری مرۆڤی کوردە لە چرکساتیی پێویستیی ڕووحی و گیانی لە کاتەکانی خۆشی و ناخۆشیدا.

نەتەوەی کورد بە هۆی هەبوونی ئەو هونەرە ڕەسەنەوە، مێژوودا بەهۆی مرۆڤە لێهاتووییەکانییەوە، بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی هونەری مۆسیقا کردووە. وێڕای نەکیسا و باربودی سەردەمی ساسانی، گەورە زانایان و هونەرمەندانی بواری هونەری موسیقا وەکوو زەریاو (٧٨٩ – ٨٥٧ز)، سەفیدینی ئەرمەوی (١٢١٦ – ١٢٩٤ز) و عەبدولقادری مەراغی (١٣٦٠ - ١٤٣٥ز) و دەیان کەسایەتیی دیکە کورد بوون کە زانست و هونەرەکەیان بە زۆر وڵاتاندا بڵاوبووەتەوە. بۆیە لەمێژە ناوی ئاواز و مەقامەکان لە جیهانی ئیسلامیدا بەشێکی زۆریان پێوەندییان بە زمان و فەرهەنگ و مێژووی کوردەوە هەیەوە. وەک مەقامەکانی: کوردی، نیم کوردی، کوردانییە، بەیات کورد، ئەسەر کورد، نەورۆز، بابا تاهیر، نەهاوەند، دەشت، ڕاست، سێگا، چوارگا، پێنجگا و دەیانی دیکە.

لە سەردەمی تازەتر و سەدساڵی دواییدا لە وڵاتێکی وەکوو عێراق، هونەرمەندانی مەقاماتی کورد باوکی هەموو هونەرمەندان بوونە بە هەموو نەتەوەکانەوە. کەسانی وەکوو هونەرمەندی گەورە (ڕەحمەتوڵڵا شڵتاغ) (١٧٩٣ – ١٨٣١ز) کە کوردێکی شاری کفری بووە، چووەتە شاری بەغداد و هەموو مەقامخوێنە گەورەکانی عەرەب، شاگردی ئەم بوونە. (Zamdar, 1980, r. 120) مەلا عوسمانی موسڵی (١٨٥٤ – ١٩٢٣ز) گەورەترین ئاوازدانەری سەردەمی کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی بووە. هەروەها مامۆستا عەلی (١٩٠٤ – ١٩٨١ز) مەردان لە شاری بەغداد ڕۆڵێکی گەورەی لە بڵاوکردنەوەی هونەری مەقاماتدا گێڕاوە. بەوجۆرە هونەرمەندان و شارەزایانی کورد لە سەردەمە جیاوازەکان و دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستاندا پێشەنگی ئەم هونەرە بوونە.

## 3. هونەری مۆسیقا لە دەڤەری گەرمیاندا

دەڤەری گەرمیانیش کە دەڤەرێکی دێرینی کوردستانە و بە هۆکاری مێژوویی کە ئێستا فەرە نەتەوە و فرە کلتووە، لە نەتەوەکەدا وێرای هەبوونی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە سەد ساڵیی دواییدا، هێشتا پێکهاتووە لە زۆرینە کورد (سۆران، گۆران، فەیلی و کەڵهوڕ)، عەرەب، تورکمان، ئاشووری، ئەرمەن و عیبری (پێشتر هەبوون)، مەندائی. لە ڕووی ئاینییەوە پێکهاتووە لە موسڵمان بە هەردوو مەزهەبی سوننی (زۆرینە) و شیعەوە، کاکەیی، مەسیحی، جوو (کە پێشتر هەبوون) و سابیئی کە ئێستا هەن. مێژووی کورد لەم دەڤەرەدا کە ڕەگی لە قووڵایی مێژوودایە، خاوەنی چاند و فەرهەنگێکی ڕەسەن دەڵەمەند و تایبەت بە خۆیەتی. لەوانەش هونەری ستران و مۆسیقا. هونەری دەشتی گەرمیان مۆرکێکی خەماوی هەیە، کە بێگومان پێوەندی بە ژینگە و مێژووەوە هەیە. "لە پێدەشتەکانی گەرمیان مەقامی خەمین و لەسەرخۆی هەن. بەستە و مەقامەکانی قەتار و خورشیدی و خاوکەر و ئای ئایی گەرمیان و دەوروبەری کەرکووک (وێڕای ئەوانی تر) هەموویان نەک تەنها توێژاڵ، بەڵکوو هەناسەیەکی پڕ ئاخ و ئۆف و ئای ئای و خەمێکی خەستیان تێدایە." (HemeBaqi, 1996, r 8) لە گێڕانەوە زارەکییەکاندا داهێنانی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو مەقاماتانە دەدرێتە پاڵ هونەرمەندانی خۆڕسکی کورد. لەوانەش مەقامی (قەتار)، کە داهێنەرەکەی ناوی (دەروێش ئەڵڵا

وەیسی)بووە. چیرۆکی داهێنەری ئەم مەقامە هێندە بەناوبانگە، کە حەسیب قەرەداغی (١٩٢٩ – ١٩٩٧ز) کردوویەکی بە شیعر:

دەگێرنەوە دەروێشێ بوو خۆفی عەشقی لــە دڵا بوو

قــەتار لە دەشتی گەرمیانا وەکوو ســەڵ لــە گڵا بوو

ئەڵڵاوەیسی زادەی بەهرەی ئەو دەروێشە دڵپاکە بوو

وەکوو ئـــــاوی ڕەوانی گیان تێکەڵاوی ئەم خـاکە بو (Qeredaxî, 2002, r. 420)

هەروەها (ئەڵڵاوەیسی) بۆ خۆی ناوی مەقامێکە لە دەڤەری گەرمیان، کە لە گوندی عەلیاوەی ناوچەی جەباری داهێنراوە. هونەرمەندێکی گەورەی وەکو مامۆستا عەلی مەردانیش لە مەقامی (بەیات)، فۆڕمی (هیجران)ی داهێناوە. مەقامی (تاهیری)یش، تایەر زەنگەنە دایهێناوە. هەروەها ئاوازێک هەیە بە ناوی (موخالیف کەرکووک) کە دیسانەوە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی ئەم ئاوازە لە کەرکووکی ناوەندی دەڤەری گەرمیان داهێنراوە. بۆیە ئەم دەڤەرە ژمارەیەکی زۆر هونەرمەند و بەهرەوی هەبووە و هەیە کە ئێمە وەک نموونە لیستی ناوی هەرە دیارەکانیان دەخەینە ڕوو:

عەبدوڵا سەعیدی عەربەتی، خدر بارام چاوش، مەلا سابیر، مەلا تەهای کەرکووکی، سەیید جەمیل، مەلا محەمەدی تۆپاڵ، شێخ شەریف، حەمەی کۆترەمل، محەمەد ساڵەح تاڵەبانی (کلیسەیی)، ئەمینی باخەوان، محەمەد ئەمین تاڵەبانی، حاجی عومەر عەبدوڕەحمان، خالید ئاغای حاجی حەسەن قەساب، سەیید عەبدوڵڵا، حاجی خاڵۆ عەلی قەڵایی، مەلا سدیق تۆفیق خدر، حەمە درێژ، خولەی ئۆمەر، حەمە قەتار، نادر ناڵبەند، عارف دەلۆیی، مەلا حوسێن مەلا غوڵام، مەلا عەبدوڵڵای لۆبیاچی، حاجی سەیید حەمە گوڵە، سەیید مەحموود سەیید ئیسماعیل قەڵامیکائیلی جەباری، مام عەبدوڵڵای مەلا حوسێن، جەبار عەبدۆ، مام ئەڵماس خورشید، عەلی قزاو، مارف عەزیز فەیسەڵ، ئەحمەد محەمەد حوسێن (ئەحە عاسە)، حەسەن ئایش، شێخ ڕەئوف هەنارەیی جەباری، سەعید ئەحمەد شیرین، جەبار تاخورما، محەمەد خدر بارام چاوش، مستەفای عەلە قوجە، نادر دەمگێڕ، شێخ نەسرەدین تاڵەبانی، حەمدی ئەمین ئاغا (حەمدی ئەفەندی)، محەمەد مەلا فاتیح، فەتاح محەموود مەلاکی چۆڵمەکی، کامیل شوکر نادر. شیخ مەجید شێخ نەجمەدین تاڵەبانی (١٩٢٣-؟) قوتابی دەروێش نادر مەحموودی ناڵبەند. عەبدوڵا سەعیدی کەرکووکیم نەجم عەبە خانە، شێخ جەبار جەباری، حەمە درۆزنەی زەنگەنە، حەمە ئنیجەی زەنگەنە و خەیروڵڵا خەیات (١٩٤٣ - ) و دەیانی دیکە. (Kakeyî, 2006, r. 12-14)

### 4. تەکیەی تاڵەبانی وەک قوتابخانەیەک بۆ خوێندنی مەقامات

تەکیە و خانەقا وەک دوو ناوەندی زادەی ئەزموون و هەوڵەکانی عیرفان و سۆفیگەرین و ئەم دووەش کە لە جەوهەردا یەکن، بە بەراوورد بە قوتابخانە هزرییەکانی دیکە بەتایبەتی لەناو خودی مێژوو و جیهانی ئیسلامیدا، خاوەنی ڕوانین و ڕاڤەی تایبەتن بۆ هەموو بوون کە بنەمای ئەم ڕوانین و ڕاڤەیە ئەوینی یەزدانییە. بۆیە لە سۆنگەی ئەوینی یەزدانییەوە خاوەنی هزر و هەستێکی کراوەن بۆ زۆر مژار کە لای ئەوانی دی تەنانەت تاکوو سنووری گومڕایی و حەرام و کفر دەچێت. یەکێک لەو مژارانەی لای سۆفییەکان نەک ڕەدکراو و ڕەفزکراو نییە، بەڵکوو زۆریش پەسندە، هونەری مۆسیقا و ئاوازە. ژمارەیەک لە عارفەکان و سۆفییەکان مۆسیقایان هێنایە ناو سرووتەکانی وێرد و زیکر و سەماعەوە. یەکێک لەوانە مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییە (١٢٠٧ – ١٢٧٣ز) کە تاکوو ئەمڕۆ پێرەوکارانی ڕێبازی مەولەوی بەکاری دەهێنن. لەناو ڕێبازە سۆفییەکانی کوردستانیشدا ئەمە هاتووەتە ئاراوە. کە تەکیە و خانەقاکان وەکوو ناوەندی ڕوحی، مومارەسەی جۆرێک هونەری ئاواز و مۆسیقیان کردووە کە زیاتر گیانێکی سۆفیانە و دەروێشانەیان هەبووە.

لە ئەزموونی ئەم ڕەوتەدا جۆرە هونەرێکی تایبەت بە کەشی تەکیە و خانەقا سەریهەڵداوە کە هەوادار و گوێگرانی خۆیان هەیە تەنانەت ئەگەر کەسی سەر بەو ناوەندانەش نەبن. بۆ نموونە شاعیرێکی گەورەی کۆمۆنیستی وەکوو عەبدوڵڵا گۆران (١٩٠٤ – ١٩٦٢) لە شیعرێکدا بۆ دەرویش عەبدوڵڵا کە مرۆڤێکی باوەڕداری قەلەدەرئاسا بووە، دەڵێت:(١٩٠٠ – ١٩٥٨ز):

ئــەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە

مـیزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عـەبدوڵڵا،

دەخیلت بم دەسا بــەو لاوک و ئای ئای و حــەیرانە

شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە!

لـــە بیتهۆڤن گەلێ زیــاتر بە ڕۆحم ئــاشنای، وەڵڵا

دە ئەی دەروێش سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کڵۆڵم کە! (Goran, 1386, r. 111)

هەروەها زۆرجار هونەرمەندانی گۆرانیبێژی دەرەوەی ئەو ناوەندانەش پەنا دەبەنە بەر ئاواز و تێکستی سۆفیانە و بەرهەمی خۆیان پێ بنیات دەنێن.

تەکیەی تاڵەبانی یەکێکە لەو ناوەندە ڕوحیانەی ئاماژەمان پێ دا. بە پلە یەک ئەم تەکیەیە و شوێنانی دیکەش لە کەرکووک و گەرمیان و هەموو کوردستان، قوتابخانە بوون بۆ فێربوونی مەقامات. تەکیەی تاڵەبانی ناوەندێکی کاریگەر بووە بۆ مەقامزانان و فێرخوازانی مەقامات لە دەڤەری گەرمیان و شوێنانی کە لە نیوەی سەدەی ١٩ز تا ئەم سەردەمەش بۆ خزمەتکردنی مەقاماتی کوردی بەردەوامە. ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە لە بواری بووژاندنەوەی مەقامە ڕەسەنەکانی کوردەواریی ناوچەی گەرمیان. تەکیەی تاڵەبانی قوتابخانەی مەقامی کوردیە و ناوەندی گەشەکردن و پێشکەوتنی وێڕای مەقامی کوردی، مەقاماتی ڕۆژهەڵاتی و قۆریاتی تورکمانی و مەقاماتی عەرەبی بووە لە کوردستاندا زیاتر لە ٧٢ جۆر مەقامی کوردی و عەجەم و تورکی لێ خوێندراوە. مەقامخوێنان و مەقامدۆستانی شاری کەرکوك، لەم تەکیەدا کۆدەبوونەو و لەوێ کۆڕی مەقامخوێندن دەبەسترا.

لە سەردەمێکدا کە پەیمانگا و ئەکادیمیایەکی هونەری لە کەرکوك و ناوچەکە نەبووە بۆ فێربونی مەقام، تەکیەی تاڵەبانی ئەو دەورەی بینیوە و چەندین مەقامبێژ و مەقامزان پەروەردەی کردووە. شێخەکانی تەکیەی تاڵەبانی شێخ عەبدوڕەحمان، شێخ عەلی گەورە، شێخ جەمیل، شێخ عەلی و ئێستاش شێخ یوسف کە ئارەزوویان لە مەقام و دەنگخۆشی بووە. ڕێزی زۆریان لە کەسانی دەنگخۆش و مەقامزان و مەقامبێژان گرتووە، بایەخی ئەم کەسایەتییانە بۆ هونەری مەقامات تا ئاستێک بووە، کە تەنانەت لەکاتی ژەمی نانخواردندا خواردنی مەقامبێژ و کەسانی دەنگخۆش خواردنیان تایبەت بووە و و زیاتر خزمەت کراون.

پێش ئەوەی بڵندگۆ دابنرێت لە مزگەوتەکان دەبووایە کەسێکی دەنگخۆش و دەنگ گەورە و شارەزای مەقامات بچێتە سەر مزگەوتەکە و بانگی بدایە. لە تەکیەش کە سەردەمی زێڕینی مەقامات بوو، مەقامخوێنان و مەقامدۆستانی ئەو شارە، بەیانیان چاوەڕێی ئەو مەقامەیان دەکرد. نموونەی ئەو مەقامبێژانە: سەعید حەمەگوڵە بەیانیان بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لە بن منارەی تەکیەدا، مەقامێکی (مەنسووری) دەخوێند و دوایی دەیکرد بە مەقامی (قەزاز). لە تەکیەدا تەنانەت کۆمەڵێك ئاواز و تەواشیحی ئایینی دەخوێندرێت، کە لە دەرەوەی تەکیەدا نین. خوێندنی مەقامەکانیش لە تەکیەدا جیاوازی و تایبەتمەندیی خۆی لەگەڵ مەقاماتی شێوازی بەغدادی هەیە. ئەمەش وایکردووە زۆرێك لە مەقامبێژانی شاری بەغدا سەردانی تەکیە بکەن بۆ زیاتر شارەزابوون لە مەقام. چەندین هونەرمەند و مەقامبێژی بەناوبانگ لە شارەکانی دیکەی کوردستان و موسڵەوە لە سەردانیان بۆ شاری کەرکوك، هاتونەتە تەکیەی تاڵەبانی، لەوانە کە هەرە دیارترینیان هونەرمەندی ناوداری کورد عەلی مەردانە و هەروەها مەلا وەلی کە باوکی مەقامی کوردیە، ڕەحمەتوڵا

شڵتاغ، سەعید حەمەگوڵە، حاجی عومەر پاسەوان، توفیق چاوەش، مەلا محەمەد توپاڵ، هەر دوو ژنی مەقامبێژ مەلا هەیبەت ومەلا شەوکەت، مەلا عوسمان موسڵی. هەروەها گەورە هونەرمەندی کورد و کوردستان سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی (سەی ئەسکەر) (١٨٨٢ – ١٩٣٧ز) سەردانیی تەکیەی تاڵەبانی کردووە و بە دەنگە زوڵاڵەکەی چریکاندوویەتی. (Necim, 2021)

## 5.عەلی مەردان مەقامبێژێکی گەورەی تەکیەی تاڵەبانی

دیارترین هونەرمەندی ناوداری کورد لە تەکیەی تاڵەبانی مامۆستا مەردان دەڵێت: سەیید عەلی ئەسغەر لە کەرکووک بانگهێشتیان کرد بو تەکیەی شێخ عەلی، ئەو شەوە موناجاتی کرد، بڕوا بکە لەبەر دەنگی سەیید، دەروێش کردیان بە کارەساتێک کە بە کەس دانەدەمرکان. (Hemebaqi, 1998, r. 133) یەکێکی دیکە لەو شارەزا و دەنگۆشانەی لە تەکیەی تاڵەبانیدا بووە، سەیید مەردان کوڕی سەیید سدیقی کەرکووکی (١٨٧٤ – ١٩٥٤ز). شارەزای مەقامات بووە و دەنگی خۆش و بەرز بووە کە بانگبێژ بووە و شیعری ئایینی و ستایشی چڕیوە. وانەی تەجوید و هونەری قورئانخوێندنی وتووەتەوە. لەبەر دەنگخۆشییەکەی شیخانی هەولێر ڕازی دەکەن ماڵ بگوازێتەوە بۆ هەولێر. (Beqal, 2012) هەروەها سەیید محێدینی جەباری ناسراو بە (کوێستانی) (١٩٢٨ – ١٩٨٨ز) هونەرمەندێکی دیکەی کوردە کە لەگەڵ مەقامبێژانی دیکە سەردانیی تەکیەی تاڵەبانی کردووە و لەوێ زیاتر ئاشنای مەقامی ڕەسەن بووە. سەیید لە سەید کەریم ناسراو بە (کەللە وشکە)ەوە فێری مەقامات بووە. بانگبێژ بووە و ژمارەی گۆرانییە تۆمارکراوەکانی کەمن بەڵام بەتام و خۆش و ڕەسەن گوتراون. (Bakûrî,2007, r. 147, 154)

پوختەی بیرەوەرییەکانی مامۆستا عەلی مەردان لەگەڵ تەکیەدا بەمجۆرەیە. لە یادەوەرییەکانی و لە بەشی یەکەم و لە یەکەم ڕستەدا دەڵێت: "لە گەڕەکی بەرتەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانیی شاری کەرکووک لە ساڵی ١٩٠٤ز هاتوومەتە دنیاوە." هاوسێتیی تەکیە، لە چارەنووسی ئەم منداڵەدا نووسی کە دەبێت بە یەکێک لە هونەرمەندە مەزنەکانی کورد. مامۆستا بیرەوەریی سەرەتاکانی فێربوونی مەقامات لە تەکیەدا دەگێڕێتەوە کە بەپوختەکەی ئەم شێوەیە: لەو سەردەمەی من فامم کردەوە، گەڕەکی تەکیە جێگەی گردبوونەوەی قورئانخوێن و حافزەکانی شارەکە بوو، کە بە دەنگە زوڵاڵەکانیان قورئانیان دەخوێند. لە ئاوازێکەوە دەیانگۆڕی بۆ ئاوازێکی تر. جگە لە تەواشیح و هەڵبەستە ئایینییەکان کە بە هەمان جۆش و خرۆشەوە دەگوتران... من خۆم یەکێک بووم لە فەقێیەکانی تەکیە و وانەم دەخوێند. لە قورئانخوێنەکانم دەبیست و دەیانگوت: ئەم سوورەتە بە فڵان مەقام دەگوترێ و ئەوی تر فیسار مەقامی بۆ دەشێ و وا باشترە بەوە بگوترێ. بۆیە وردە وردە ئەم خوێندنانە و ئەم ئاواز و مەقامانە لە دڵمدا دەچەسپین و لاسایيم دەکردنەوە. لە تەکیەدا هەمیشە دەمویست لە هۆدەکەی شێخ عەلی نزیک بم، چونکە هەرچی قورئانخوێنە باشەکان و شارەزایان بوون، ڕۆژانە سەردانیی مەجلیسەکەیان دەکرد، بەتایبەتی ڕۆژانی هەینی مەجلیس گەرم بوو. دەروێشەکان بە تەپڵ و دەفەوە دەورەبەرەکەیان هێندە سامدار و خۆش دەکرد. لێرەوە گەلێ شت فێربووم و بەتایبەتی گەلێ شەیدای دەنگە بەسۆزەکانی مەلا محەمەد و ئەوڕەحمان جەباری و حەمە عەلی داوودی بووم. ئەوڕەحمان مەقامی ئەڵڵاوەیسی و قەتار و خاوکەری بە باشی دەگوت و حەمەعەلی داوودیش خورشیدی و ئای ئای و هۆرەی بەباشی دەچڕی. لە کۆڕەکاندا ئەو ساتانەم لا خۆشتر بوو کە مەلا ڕەئوفی حافز بەو دەنگە بەسۆزەی و ئەو ڕەوانییەی کە قورئانی پێ دەخوێندەوە، ڕەوتەکەی لە نێو مەقامەکاندا دەگۆڕی. لە گەڕەکی تەکیە دوو ئافرەت هەبوون قورئانخوێن و دەنگخۆش بوون کە لە زۆربەی بۆنەی ئایینی و جەژنەکان ئاهەنگ و مەولوودیان دەگێڕ. ئەم دووە خوشک بوون بە ناوەکانی (مەلا شەوکەت) و (مەلا هەیبەت). لەبەر نابینابوونی مەلا هەیبەت لەگەڵ خۆی بە بۆنە و ئاهەنگانەکاندا دەیگێڕام. ئەمەش هەڵێکی دیکە بوو کە زیاتر نزیک ببمەوە لە کۆڕی زیکر و گوێگرتن لە جۆرەها قورئانخوێن و دەنگی جۆراوجۆر و ئاوازی هەمەچەشن. کە سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی هاتە کەرکووک، لەناو تەکیەدا یەکترمان دەدیت و دەمەتەقێ و وتووێژمان گەرم دەکرد. زۆر کەڕەت شێخ خۆیشی بەشداریی دەکرد و گوێڕادێری گوتنی مەقامەکان دەبوو. موناجاتەکان دڵی هەمووانی کێش دەکرد و لە سووچ و قوژبنەکانی تەکیەدا دەنگیان دەدایەوە(Merdan, 2012, r. 22 - 130)

خۆشبەختانە لە تەکیەی تاڵەبانیدا لە سەرەتای دەسپێکردنی بایەخدان و خوێندنی مەقام کە زیاتر لە (١٥٠) ساڵە بەردەوامی هەیە، تاکوو سەردەمی ئەمڕۆمان نەوە لە نەوە، وانەی فێربوونی مەقامات بە گشتی و مەقامە کوردییەکان دەخوێندرێن. بەدرێژایی ئەو مێژووە شان بەشانی هونەری دەرەوەی تەکیە، ناخ و هەستی مرۆڤی کوردیان بە ئاواز و مەقاماتی ڕەسەنی کوردیی پەروەردە و گۆش کردووە.

**دەرئەنجام**

لە قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستاندا تەنها زانستی ئایینی نەخوێندراوە، بەڵکوو زۆر زانستی دیکەی وەکوو گەردووناسی و ئەدەبیات و فەلسەفە خوێندراوە. تەنانەت هونەری مەقاماتی مۆسیقیش خوێندراوە. تەکیەی تاڵەبانی لە شاری کەرکووک کە سەربە تەریقەتی قادرییە بۆ ماوەی ١٥٠ ساڵە مەقاماتی کوردی و ڕۆژهەڵاتیی تێدا دەخوێندرێت. ڕۆڵێکی گەورەی گێراوە لە پەرەپێدانی مەقاماتی کوردی بەتایبەتی دەڤەری گەرمیان. ئەمەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی شارەزایان و دەنگخۆشانی مەقامات و فێرکردنی کەسانی دیکە. ئامانج لە خوێندنی مەقامات لەپێناو قورئانخوێندن و سەڵات و بانگدان و خوێندنەوەی مەولود و زیکر و سرودی ئایینی بووە. کە سەدان کەسی بەناوبانگی پێگەیاندووە. بەڵام هەر لە تەکیە هونەرمەدانێکیش پێگەیشتن کە گۆرانیی دنیاییان دەگوتەوە، کە دیارترینی ئەو هونەرمەندانەش مامۆستا عەلی مەردانە.

## Serçawekan / References


Beqal, M. T. N.. (2024). *Seyîd Merdan pispor û mamostay Meqamet û Şêxî Xwênerekan û mamostayanî Ayînî Şarî Hewlêr*.

https://www.facebook.com/HAWLERY.JARAN.2012

Bakûrî. (2007). *Goranîbêje Nemrekan*. Beşî Sêyem. Pêdaçûnewe û Pêşekî: Azad Ebdulwahîd. Jimare: 7. Hewlêr: Bilawkirawey Raman.

Xal, Ş. M. ; Ûmîd, A. (2003). *Dîwanî Şêx Riza Talebanî.* Hewlêr: Bilawkirawey Aras.

Zamdar, M. (1980). *Derwazeyek Bo Awaz û Mosîqay Kurdî*. Jimare: 223. Bexdad: Dezgay Roşinbîry û Bilawkirdnewey Kurdî (57).

Sultanî, M. E. (2016). *Enfasî Rehmanî Keşkolî Talabanî*. Jimare: 313. Hewlêr: Bilawkirawey Ekadîmyay Kurdî.

Qeredaxî, H. (2002). *Ferhengy Xem, Sercem şî'rekanî Hesîb Qeredaxî*. Jimare: 1. Hewlêr: Bilawkirawey Aras.

Kakeyî, H. (2006). *Mueqam û muzîkî Folkilorî Kurdî, Selah Dawde Wek Nimûne*. Kerkûk: Le Bilawkirawekanî Liqî Kerkûkî Yekêtûy Nûseranî Kurd-60.

Goran, E. (1386). *Dîwanî Goran*. Taran: Bilawkirawey Panîz. Rûpel: 111.

Merdan, E. (2012). *Gelay Payiz, Bîrewerî Elî Merdan*. Amadekirdnî: Ebdulqadir Elî Merdan, Rêkxistin û lêkolînewe: Ehmed Seyîd Elî Berzincî. Hewlêr: Berêweberayetî Bilawkirdnewey Hewlêr.

Murad, X. E. (2023). *Kerkûk Le Zarî Belgekanewe*, Bergî 1, 2, 3. Kerkûk: Çapxaney El-Zeman Kerkûk.

Necim, Û. (2021). Tekiyey Talebanî Belgeyekî Tirî Kurdisstanîbûny Kerkûk û Ekadîmiyek Bo Fêrbûnî Hunerî Meqam. https://www.anfturkce.com

Hemebaqî, M.. (1996). Mêjûy Mosîqay Kurdî, Urmê: Nawendy Bilawkirdnewey Edeb û Ferhengî Kûrdî (Sirwe).

Hemebaqî, M. (1998). Seyîd Elî Esxerî Kurdistanî.

## Extended Abstract

The mosque, religious school and Takya of Talabani, were known as the (Biyuk Takya: Great Takya) in Kirkuk. It was officially renamed the Majidiya Mosque in the records of the Ottoman Empire. Sheikh Mahmood Zangana, son of Rostam Agha, son of Joseph Agha Kakasoor (1717-1800 AD), who came from East Kurdistan and received the Qadiriyya Tariqa from Sheikh Ahmad Hindi, laid the foundation stone of Talabani Takya in Kirkuk City in 1771 AD. He was succeeded by Sheikh Ahmad Talabani (1780-1841). After he, Sheikh Abdurrahman Talaban Khalis (1797 – 1858), father of the poet Sheikh Reza, succeeded him. He was succeeded by Sheikh Ali Talabani, known as Sheikh Ali Gawra (: Grand) (1832-1900). He was succeeded by Sheikh Mohammed Ali Talabani (1856-1932), Sheikh Jamil Talabani (1892-1961), Mullah Ali (1927-1990) and Sheikh Joseph. Talabani's Takya was renovated during the headship of Sheikh Khalis and renamed Majidiya. Among the Sufi orders in Kurdistan, the Takya and Khanaqahs, as spiritual centers, practiced a kind of musical art that had a more Sufi and hermit spirit. In the experience of this movement, a kind of art has emerged that has its own fans and listeners even if they do not belong to these centers. Takya Talabani is one of the spiritual centers mentioned above. Primarily, this Takya and other places in Kirkuk, Garmian and all over Kurdistan were schools for learning Maqams (: Musical compositions). Talabani Takya has been an influential center for Maqam players and students in Garmian region and its places since the middle of the 19th century until today. He has played an important role in the revival of the original Kurdish positions of Garmian region. Takya Talabani is a school of Kurdish Maqam and the center of development and progress of Kurdish Maqam, Eastern Maqam, Turkmen Quriyat and Arabic Maqam. More than 72 types of Kurdish maqams, foreign and Turkish Maqam have been taught there in Kurdistan. Maqam singers and Maqam lovers of Kirkuk gathered in this Takya and held Maqam singing conferences there. At a time when there was no institute or academy in Kirkuk and the region to learn Maqam, Takya Talabani played that role and educated many Maqam singers. The sheikhs of Talabani's Takya were Sheikh Abdulrahman, Sheikh Ali Gawra, Sheikh Jameel, Sheikh Ali and now Sheikh

Joseph had great respect for the maqam singers. The importance of these personalities to the art of the singers was such that even during meals, the food of the singers was special, and they were served more. Before loudspeakers were installed in mosques, someone with a good voice and an expert in maqams had to go to the mosque and Adhan (: Call). In Takya, which was the golden cycle of maqams, maqam singers and maqam lovers of the city waited for the maqam in the morning. Examples of these maqam singers: Saeed Hamagula used to sing a Mansoori maqam for half an hour in the morning under the beacon of Takya and then turned it into a Qazaz maqam. There are even some religious songs and prayers that are not outside the takya. The recitation of the maqams in the takya is different from the Baghdadi-style maqams. This has led many Maqam singers in Baghdad to visit the Takya to learn more about Maqam. Several famous Kurdish artists and maqam players from other Kurdish cities and Mosul have come to Talabani's Takya, most notably the famous Kurdish songer Ali Mardan, as well as Mullah Wali, the father of Kurdish maqam, Rahmatullah Shaltagh, Saeed Hamagula, Haji Omar Pasawan and Tofiq Chawash, Mullah Mohammed Topal, both sisters Maqam singer Mullah Haybat and Mullah Shawkat, Mullah Osman Mosli. The great Kurdish and Kurdistan artist Sayyid Ali Asghar Kurdistani (Say Askar) (1882-1937) visited Talabani's Takya and performed with his loud voice. Another scholar and rumor in Talabani's Takya was Sayyid Mardan, son of Sayyid Sadiq Kirkuki (1874-1954). He was an expert in maqams and had a beautiful and loud voice. He was a preacher and sang religious poetry and praise. He taught Tajweed and the art of reciting the Qur'an. Because of his beautiful voice, the Sheikhs of Erbil persuaded him to move to Erbil. Sayyid Mohiddin Jabari, also known as Kiwestani (1928-1988), is another Kurdish artist who visited Talabani Takya with other maqam players and became more familiar with the original maqam there. Sayyid learned Maqams from Sayyid Karim, also known as Kalla Wshka. He was a preacher, and his recorded few of Kurdish songs, but very nice and original. Fortunately, in Talabani Takya, since the beginning of the study of Maqam, which has been going on for more than 150 years, lessons of learning Maqam in general and Kurdish Maqam have been taught from generation to generation. Throughout this history, along with the art outside the Takya, they have educated the hearts and feelings of the Kurdish people with original Kurdish music and maqams.

## پاشکۆکان




*وێنەی تەکیەی تاڵەبانی لە کێشانی گەڕیدەی ئوسکۆتلەندی کە سەردانیی شاری کەرکووکی کردووە و ناوی تەکیەی بە مزگەوتی شێخ عەبدولقادر هێناوە.



*وێنەی گۆشەیەکی تەکیەی تاڵەبانی، ساڵی ١٩٢٦ز.




*نووسەر لە بەردەم دەرگای تەکیەی تاڵەبانی ٢٠٢٤ز.